**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بــڕیــار**
**ژمارە ( 8 )ی ساڵی** 2014

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (18) ساڵی 2014 کە پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ژمارە (18) لە 2014/7/23 پەسەندی کردوە :**

**بڕیاری ژمارە ( 18 )ی ساڵی** 2014

**تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش**

**یەکەم: ئەو هێزانەی کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن لە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جموجۆڵیان پێ دەکرێت.**

**دووەم: قەدەغەکردنی ئاڵای حزبی بەسەر چەك و هێزەکانەوە و دانانی ئاڵای کوردستان لە جێگای.**

**سێیەم: پێدانی مووچەی وەزارەتی ناوخۆ لە پاش پێدانی مووچەی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەبێت.**

**چوارەم: دابینکردنی ئامێری پشکنینی تایبەت بۆ بازگەکان بەمەبەستی تۆکمەترکردنیان.**

**پێنجەم: حکومەتی هەرێم پاداشتی خانەوادەی شەهیدان و چارەسەری برینداەکان بکات.**

**شەشەم: ڕێکخستنەوەو یەکخستنی دەزگا ئەمنییەکان لەو ناوچە هاوبەشە کوردستانیانەی کە پێشتر لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بوون.**

**حەوتەم: لێدانی خەندەق بە درێژایی ئەو (1050) کیلۆمەترەی کە سنوورێکی نوێیە.**

**هەشتەم:** یەکخستنی مووچە و دەوام و ناوی دەزگاکانی پۆلیس لە کوردستاندا بۆ نموونە (زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن).

**نۆیەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێڕەو و رێنماییی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

**دەیەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت.

**یازدەیەم:** لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**دوانزدەیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاْودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
2014/8/21

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و رێکخستنی کاروبارەکانیان و دابین کردنی پێداویستیەکانیان، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.